www.kurdistannet.org
1-7-2006 11:15بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## وەفدێ.... خالید شەیدا



**ڕۆژێ وەفدێ!!**

**بە ڕێکەوت**
**هات و لای دایە شارەکەی من**
**پاش پێشوازی**
**لێ کردن**
**سەردانی مەکتەبێکی کرد**
**لە حەوشەی مەکتەبەکە**
**منائێکی بچکۆلەی دیت**
**لە منالەکەی پرسیارێکی کرد**
**ئاخۆ ئازیز**
**پێم نالێ**
**ئەو شارەی تۆی لێ دەژی**
**پایەتەختی کام وڵاتە... ؟**
**ئەویش وەڵامی دایەوە**
**ئەو شارەی من تیایمە**
**پایەتەختی وڵاتێکی بێ سنورە**
**بێ خودان و ناسنامەیە**
**لە بارەگای حەنانیش**
**ئاڵاکەی شکاوە نی یە و**
**هەڵنەدراوە و**
**پاشماوەی ئەنفاڵستانە**
**ناوی گەندەڵستانە**
**ئەو میرو حاکمانەی**
**لێرانە دەست بە کارن**
**مشەخۆرێکی چالاکن**
**چاوچنۆک و دزو جەردەن**
**لە سەر ئەم گەلە بێوارە.**

**هانۆڤەر** 06 .06 .08